**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـەنـاوی گـەلـەوە

## بــــڕیــــار

## ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (١١) لە ٢٠١١/٥/٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم :** مەبەست لەو زاراوە و دەستەواژانەی دادێ ، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :** سەرۆکی هەرێم : سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق .

**سێیەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم .

**چوارەم :** راوێژکار : راوێژکاری ئاسایشی هەرێم .

**پێنجەم :** ئاسایشی هەرێم : پاراستنی هەرێمی کوردستان – عێراق لەهەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆ .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم :** بەگوێرەی ئەم یاسایە ، ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) دادەمەزرێت و بەسەرۆکی هەرێمەوە گرێ دەدرێت و پێك دێت لە :

١. دەزگای ئاسایشی هەرێم .
٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سەربازی .
٣. ئاژانسی پاراستن و زانیاری .

**دووەم :** ئەنجومەن پلان بۆ سیاسەتێكی یەكگرتووی ئاسایش دادەڕێژێت و ڕێكی دەخات و هەماهــەنگی لەنێوان تێكڕای دەزگاكانی پەیوەندیدار دا بەدی دەهێنێت .

**ماددەی سێیەم :** ئامانجی ئەم یاسایە دانان و داڕشتنی بنەماكانی ئاسایشی هەرێمە لەڕێی :

**یەكەم :** مسۆگەر كردنی ئاسایش و ئارامی لەهەرێمدا .

**دووەم :** پاراستنی بنەماو پرەنسیپەكانی دەستووری و یاسایی هەرێم .

**سێیەم :** كۆكردنەوە و شی كردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك بۆسەر ئاسایشی هەرێم .

**چوارەم :** ئاڵوگۆڕ كردنی زانیاری لەنێوان دەزگاكانی تایبەتمەند لەهەرێم و حكومەتی فیدرالدا .

**پێنچەم :** ئاڵوگۆڕ كردنی تۆمەتبار و تاوانباران و رادەست كردنی كێشەكانیان لەنێوان دەزگاكانی ئاسایشی فیدرال و هاوشێوەكانیان لەهەرێمدا ، بەگوێرەی میكانیزمێك كە بە پەیڕەو دیاری دەكرێت .

**شەشەم :** پاراستنی ئاسایشی ئابووریی هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار .

**حەوتەم :** پاراستنی ئاسایشی هەرێم لەبوارەكانی تاوانە مەترسیدارەكان و تاوانــە بەرنامــە ڕێــژراوەكان و تاوانی ماددەی هۆشبەر و تەزویر كردنی دراو و ، گەندەڵیی كــارگێری و دارایــی و شــۆردنەوەی سامان ، بەگوێرەی ئەو یاسایانەی لەهەرێمدا كاریان پێ دەكرێت .

**هەشتەم :** پاراستنی سیستەمی زانیاری لەهەرێمدا .

**نۆیەم :** بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەگوێرەی ئەو یاسایانەی لەهەرێمدا كاریان پێ دەكرێت .

**دەیەم :** بەرەنگاربوونەوەی كاری سیخوڕی بەگوێرەی ئەو یاسایانەی لەهەرێمدا كاریان پێ دەكرێت .

**یازدەم :** پاراستنی ئاسایشی پەیوەندی كردن .

**دوازدەم :** پاراستنی ئاسایشی فرۆكەخانە و دەروازە سنوورییەكان لەهەرێمدا .

**سێزدەم :** هەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی ئاسایشی كەسایەتیی فەرمی لەكاتی پێویستدا .

**چواردەم :** هەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ بەدواداچوونی كاروباری پەنابــەران و ئــاوارەو بیانیانی نیشتەجێی هەرێم .

**پازدەم :** پاراستنی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی لەهەرێمدا بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار .

**شازدەم :** پاراستنی ئاسایشی وزە و دەزگا ژیارییەكان .

**حەڤدەم :** هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ پاراستنی ئاسایشی رێکخراوی نێودەوڵـەتی و نێردەی دیپلۆماتی و کونسوڵخانەکان لەهەرێمدا .

**هەژدەم :** مسۆگەر کردنی ئاسایشی بارەگا و پێکهاتەکانی پێشمەرگە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان .

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :** ئەنجومەن راوێژکارێکی : دەبێت ، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەپلەی وەزیر دادمەزرێت ، دەزگاکانی سەر بەئەنجومــەن بـەرێوە دەبـات و سەرپەرشـتییان دەکـات و هەماهــەنگییان لەنێواندا دەکات ، جێگرێکی دەبێت ، بەگوێرەی ئەو دەسـەڵاتەی پێـی دەدرێـت لەبـەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیدا یاریدەی دەدات .

**دووەم :** بەرپرسی ئەو دەزگایانەی لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هـاتوون ، دەبنـە ئەنـدام لـەم ئەنجومەندا و سەرۆکی هەرێمیش بۆی هەیە لەحاڵەتی ئاسایی پێویستیدا کەسان یان دەزگای دیکەی بۆ زیاد بکات یان بانگهێشتی ئەنجومەن بکرێن .

**سێیەم :** تەرخان کردنی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لەنێو بودجەی گشتیی هەرێمدا .

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم :** ئەنجومەن رێکار ورێساکانی رەفتاری وەزیفی و مەشقی تایبەتمەندی کادیرانی دادەرێژێت .

**دووەم :** ئەنجومەن کارو پەیکەری ئەو دەزگایانەی ناویان لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون ، بە پەیرەو یان بەیاسا ، بەگوێرەی پەیوەندی دەزگاکە بەلایەنانی پەیوەندیدارەوە دیاری دەکات .

**سێیەم :** بەیاسایەکی تایبەت ئـەرك و مـاف و حاڵـەتی بـەرزەفتکاریی ئەفـسەران و کارمەنـدان لـەو دەزگایانە رێك دەخرێت کەلە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون .

**ماددەی شەشەم :** راوێژکار بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات .

**ماددەی حەوتەم :** کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**ماددەی هەشتەم :** پێویستە لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی نــۆیــەم :** ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقــایعی كوردســتان)دا ، جێبــەجێ دەكرێت .

**مـسعـود بــارزانــی**
**ســەرۆكــی هــەرێـمی كــوردســتان – عـــێراق**

**هـــــەولـــێر :**

٢٢/ئـــــایـــــار/٢٠١١ی زایینی .
١/جـــــۆزەردان/٢٧١١ی كوردی .
١٩/جمادی دووەم/ ١٤٣٢ی كۆچی .

**هۆیەكانی دەرچوون**

بەمەبەستی دانان و دارشتنی بنەماكانی ئاسایشی هەرێم و ئامانجەكانی و روون كردنــەوەی پێكهاتــە تایبەتەكانی ئەنجومەن و چۆنیەتی بەجێ گەیاندنی ئەركەكانی ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .